www.kurdistannet.org
26/02/2002 23:16

# حەمەسەعید حەسەن نووسەری گەل

تامان شاکر

حەمەسەعید حەسەن کە یەکەمین خاوەنقەڵەمە ئامادەبووانی سیمینارێك (ژووری پێشکەوتنخوازان ٢٠٠٢/٢/٢٨) نازناوی نووسەری گەلی پێ ببەخشن، لەڕوانگەی سەلام عبدوللاوە باشترین ڕەخنە گر کوردە، (گولان ژ:٣٦٤ل ٢٩) لای ئیسماعیل بەرزنجی سەرکەتووترین ستوونووسی کوردە، (میدیا ژ:١١٥ ل ١٢) لەکن عەبدوڵلا پەشێو بە پاراوترین کوردی دەنووسێت (بەرنامەی ڕوو بەڕوو مەدیا تیڤی) و بەلای د. جەبار قادریشەوە، دیاریدەیەکی ڕۆشنبیریە (پالتاك/ژووری پێشکەوتنخوازان ٢٠٠٢/٢/٨)

لێدوان لەسەر (حەمەسەعید حەسەن) کارێکی هەروا ئاسان نییە. چونکە هونەرمەندێکی فرە لایەنە و لەهەڵوێستەکانیدا خۆی بەتەنها شۆڕشێکە. بە هۆشیارییەوە لەزۆر دەرگای داوە وەك : ڕەخنەی ئەدەبی، شیعر، گوتاری سیاسی، ساتیرە چیرۆك، بەکۆمەڵە ساتیرە چیرۆکی (هونەری ڕاوەژن) شاکارێکی هونەری هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

نووسەر دەسەڵاتێکی تەواوی بە سەر زمانی کوردیدا دەشکێ، ئەوەی دەسەلاتی بەسەر زماندا نەشکێ ناتوانێ، وێنەی شیعری جوان دابهێنێ، پەی بەنەهێنی وشە ببات. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە نووسینەکانی تەنها بە شێوەزاری، ناوچەی سلێمانی بنووسێت، بەڵکو ئەم سنوورەشی بەزاندوەو، وشەی گشت زاراوە کوردییەکان بەکاردەهێنێ.

هونەری ڕاستەقینە ئەوەیە، کە کاریگەری هەبێ لە سەر خوێنەر، ماوەیەکی دوورو درێژ لە یادی خوێنەردا بژی.

نووسینەکانی(حەمەسەعید) خۆشی دەبەخشێ بەگیانی مرۆڤ، فێرمان دەکات شتە جوانەکانی ژیانمان خۆش بوێتو خەباتی بۆ بکەین، دژی دیاریدە چەوتەکانیش هەڵوێست بنوێنین، نووسین بەلای حەمەسەعیدەوە هەڵوێستە.

ئەوەی زیاتر نووسەری لای خۆێنەواران خۆشەویست کردووە، هەڵوێستەکانییەتی دژی دوژمنانی کورد، بەبێ ئەوەی گوێ بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بدات، هەمیشە لەسەنگەری چەوساوەکاندا بووە، ناخی ئەوانی خوێندۆتەوە، بۆ نموونە لە یەکێ لە هۆنراوەکانیدا دەڵێت :

گووتیان: بۆچی لەئازاری ئەم خەڵکەدا

دەتوێتەوە لە ئازارتا دەتوێنەوە؟

هەر گۆرانییە دێرینەکە،

لەگەڵ تۆدا بەتاسەوە دەڵێنەوە؟

گووتم: بەدوای هەتاوێکدا لە گەڕاندام

کۆتایی بە ئازار دێنێ،

زەردەخەنە

بۆ سەر لێوی خەمبار دێنێ،

شیر بۆ مندالّ

نان بۆ برسی و هەژار دێنێ.

نووسەر لە هۆنراوەکانیدا، ناخی ئینسان دەخوێنیتەوە، ئەو شتانە دەڵێت، کە خوێنەر ناتوانێت دەریان ببڕێت. باسی وڵات، خۆشەویستی، نۆستالیژیا، دەردی ئاوارەیی، ژن و کێشە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات.

ئاوارەیی ئەوەندە کاری لە ڕۆحی شاعیر کردووە، بۆنموونە دەڵێ:

تا نەهەنگی ئاواریی قووتی نەدام،

ئەم دەزانی

ئەوەندە شیرینی لە لام

دووریت مامۆستای ئەوین بوو

دەرسی خۆشەویستی دادام

* *

دڵنیام، دەزانم

مردن بۆ ئامانجێ باشترە

لە ژینی بێ ئاوات،

دوودڵم، نازانم

ژیانی غەریبی خۆشترە

یا مردن لە وڵات ؟

دیاردە دزێوەکانی، کۆمەڵگای کوردەواری بەرامبەر بەژن، ئەوەندە کاری لە ناخی شاعیر کردوە، بۆیە دڵنیایە لەوەی، ژن تەنها خۆی دەبێت، خەبات بۆ ئازادی خۆی بکات، ڕووی دەمی دەکاتە ژنان و دەڵێ :

دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی

وەکو ئینسان بۆت ناڕوانێ

دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی بە ئینسانی پلە دووەمت دەزانێ

دە یاخیبە لەو یاسایەی

گوێ بۆ دەنگت ڕاناگرێ

دە یاخیبە لەو یاسایەی

وەك چۆلەکە سەرت دەبڕێ

* * *

شاکاری هونەری ڕاوەژن ڕەنگدانەوەی، واقیعی کۆمەڵگای کوردەوارییە، نووسەر ئەوەندە بەسەلیقەوە مامەڵە لەتەك قارەمانی چیرۆکەکانیدا دەکات، کەسایەتی مرۆڤی کورد، چ لەدەرەوەی وڵات یان لەناوەوە دەخاتە بەردەستی خوێنەران. نووسەر لە (هونەری ڕاوە ژن ) دا باسی ناهۆشیاری سەرکردە کوردەکان دەکات، کە یاری بە چارە نووسی گەلی کورد دەکەن، بەڵام جیاوازی لەبەینی (کۆڵن ولسن) ی نووسەرو (کۆلۆنیۆسی) دەرمانی دەدان شوشتندا ناکەن نووسەر بێجگە لەو شاکارە هونەریەش سێ کتێبی لە سویدییەوە کردووە بە کوردیی، گەلێ لێکۆلینەوەی سەبارەت بەو شیعرە کوردیانە بلاٌو کردۆتەوە کە کراونەتە سویدی، چەندان شیعری ناسکی لەسویدیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. حەمەسەعید ئەگەر کورد نەبووایە، دەبوو یەکێك بێت لە نووسەرە ناسراوەکانی جیهان.

٢٠٠٢/٢/٢٦